سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ٨٧٨٨ لە ٢٠٢١/٨/١

بڕیاری ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٢١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنی لامەرکەزیی بەڕێوەبردن و بنەمای دابەزاندنی دەسەڵات و چڕنەکردنەوەی لە ناوەندە باڵاکانی بەڕێوەبردندا، و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و کارئاسانی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاوواڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بە گونجاوترین و ئاسانترین شێوە دوور لە ڕۆتین ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٢) لە ٢٠٢١/٧/٢٨،ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

یەکەم: هێنانەکایە (استحداث)ی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کە پێکدێت لە:

١- قەزای زاخۆ.
٢- قەزای باتیفا.

دووەم: هێنانە کایە(استحداث)ی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کە پێکدێت لە:

١- قەزای سۆران.
٢- قەزای چۆمان.
٣- قەزای ڕواندز
٤- قەزای مێرگەسوور

سێیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران